Dengekan

# پێشمەرگە

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

ئەوەی سەرەوە ناونیشانی رۆمانەکەی (رەحیمی قازی) نییە کە بەر لە چەند دەیەیەك و لە سەدەی رابردوودا لە خۆشەویستی پێشمەرگەدا ناونیشان و ناوەرۆکی رۆمانەکەی بۆ باسکردنی پێشمەرگە تەرخانکرد ، بەڵکو ئەم ناونیشانەم هەڵبژارد تاکو لەم گۆشەنیگایەوە هەندێك قسە و باس لەسەر حاڵ و ئەحواڵی پێشمەرگە لەم بارودۆخەدا بکەم ، کە لە راستیدا بە موچەیەکی کەمەوە ئەرکێکی قورس و زۆریان لەسەر شانە تەنانەت رووبەروو و ئامبازی مەرگ دەبنەوە .

پێشمەرگە ئەوەندە جێگای شیاوی خۆی لە دڵی هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستاندا کردووەتەوە تەنانەت سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە زۆربەی پەیڤینەکانیدا شانازی بەوەوە کردووە کە پێشمەرگەی کوردستان بووە و تەنانەت کاتێك باس لەوە کرا پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێت وەکو پێشمەرگەیەك خۆی ناساند و ئێستاش لە ژێر وێنەکەیدا نوسراوە ( سەرۆك و پێشمەرگە) ، سەرۆك کۆماری ئێراق لە پێشمەرگایەتیەوە دەستی پێکرد ئێستا لە نوکی هەرەمی دەسەڵاتەدایە لە ئێراقدا ، زۆربەی بەرپرسە ئیداری و حزبیەکانی ئەم هەرێمە پێشمەرگایەتیان کردووە و ئێستاش شانازی بەو رۆژگارەوە دەکەن کە پێشمەرگە بوونە تەنانەت هۆزانڤان و گۆرانیبێژانیش لە ستایش و سەنای پێشمەرگەدا رۆڵیان دیارە و کاریگەری لە سەر ئەوانیش هەبووە و لە دەربڕینەکانیاندا رواڵەتێکی قەشەنگیانیان پێبەخشیوە .

ئەوەی زیاتر هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسیەوە جیا دەکاتەوە لە ناوچەکانی تری ئێراق جگە لەوەی کە پەرلەمان و حکومەتێکی خۆجێیەتی هەیە ، هێزی پێشمەرگەی هەیە کە بە بیرو باوەڕێکی پێشمەرگانە و نیشتیمانپەروەرانە جۆش دراون و پەروەردە کراون ، ئەم هێزە پڕ لە وەزە و توانایە و لە تەواوی هێزە ناوخۆیەکانی تری ئێراق متمانە پێکراوتر و کارا و ئەکتیڤ و ئامادەترن بۆ هەر وەزیفە و ئەرکێك لە کوردستان و ناوچەکانی تری ئێراق کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیان بسپێدرێت ، کاتێك لەسەر خوانی حیوار و گفتوگۆکانی نێوان لایەنە کوردیەکان و دەسەڵاتدارانی ناوەندیدا لە بەغدا باس لە پێشمەرگە دەکرێت تاکو هەنوکە هەندێك لە بەرپرسە ئێراقیەکان بەملیشیا ناوی دێنن و تەنانەت پێگیری و داکۆکیان لەسەر ئەوە دەکرد ناوەکەی بگورێت بۆ پاسەوانی هەرێم ئەو ناوەش بەر لە چەند مانگێك قبوڵکرا ئەو برو بیانوشیان نەما ، پێشمەرگەش هەر پێشمەرگەیە لە رووی ماهیەت و مەهامەوە .

پێشمەرگە لە زۆربەی شوێنەکانی هەرێمی کوردستان ئەرك و راژەی پاسەوانی دەبینن تەنانەت لەبەغدای پایتەخت چەندینیان بوونە قوربانی لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرك و واجباتەکانیاندا ، هەرکاتێك کارێکی سەخت بێت و سوپای ئێراقی ئەو کارەی پێ ئەنجام نەدرێت دەستە و وەستان بێت لە ئەنجامدانی ئاوا هانا بۆ هێزی پێشمەرگە دێنن بۆ زاڵ بوون و سەرکەوتن بەسەر ئەو کارە دژوار و سەختەدا .

پێشمەرگە موچەی مانگانەی کەمترە لە (260 ) هەزار دینارە کە ئەو بڕە پارەیە ناتوانێ بەشی مانگی گەنجێك بکات کە خێزانی نەبێت و سەڵت بێت کە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگە بەرپرسیاریەتی خێزانیان لە ئەستۆدایە ، ئەمە جگە لەوەی کە زۆرجار وەرگرتنی موچەکە دوو مانگ بەیەکەوە دەدرێت و ماوەکەشی دوو مانگ جارێك دەبێت هەندێکیان کرێ خانوو دەدەن و مانگانە دێنە سەریان، پێشمەرگە هەرچەند مرۆڤێکی گیان بەخش و خۆ فیداکارە بەڵام هیچ ئیمتیازێکی نییە و لە جوغز و بازنەیەکی بێدەرامەتیدا دەخولێنەوە ، مانگانە زۆریان واز دەهێنن و بە خەڵکی دیکە شوێنەکانیان پڕ دەکرێتەوە ،ساڵی تازەش تەپی هەڵچنی و ئاغر ئاغر بەرەو کۆتای دەچێت هێشتا هێزی پێشمەرگە نەبوەتە یەك ، لەم قۆناغەدا دەبێت بایەخ و گرنگی بە تەواوی لایەنەکانی ژیانی پێشمەرگە و لە هەموو بار و بوارێکدا بدرێت و مەشق و راهێنانیان پێبکرێت، ئەوەی تاکو ئێستا زیاتر دۆخی ئێراقی نائارام و شلۆق کردووە ئەوەیە کە سوپایەکی ئامادە و بە هێز و گورز وەشێنی نیە بۆیە هەمیشە سەیری دەست و مەچەکی سەربازە ئەمریکیەکان و هێزی پێشمەرگە دەکات .

وولاتانی دەوروبەرمان نەیارمانن و هەر کاتێك بۆیان بلوێت هێرش دەکەنە سەرمان ، هێزی پێشمەرگە ئەوانەن کە ئامادە بکرێن بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەر دەست درێژیەك کە ناحەزنمان دەیکەنە سەرمان ، بۆیە هەقە وایە هەمیشە گرنگی رۆڵی پێشمەرگەمان لەبەرچاو بێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی زیاتریان پێبدات و ماف و جیاویکیان بۆ دیاری بکات .